حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە-لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکان
تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی (زانستی)

بەناوی خوای گەورە

بابەت: زیندەزانی/ کات : 3.30 کاتژمێر
ساڵی خوێندنی 2024-2025 (خولی دووەم)

پەنجەمۆر
**A**

وەڵامی راست هەڵبژێرە: (بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە)

1.ئەو شانەیەی چینی دەرەوەی لوولەکانی خوێنی لێ پێکدێت جیاوازە لەو شانەیەی چینی ناوەوەی لوولەکانی خوێنی لێ پێکدێت ، بەوەی کە ئەو شانەیەی چینی دەرەوەی لوولەکانی خوێنی لێ پێکدێت:-
A- خانەکانی لە برێکی گەورەی نێوانە ماددەدا نقوم بوون B- بەستەرەشانەیە C- رووکەشە شانەیە D- (A و B) هەردووکیان راستن

2.لوسە ماسولکە:-
A- لە ڕێڕەوەکانی زاوزێی مێیە هەیە.
B-بە شێوەی جووتی هاودژ کاردەکات.
C-ریشاڵەکانی بە بەستەرەشانە دەورە نەدراون.
D- خاڵەکانی بنەچەو جێبەستی هەیە

3.کام لەمانە دەربارەی لوولەکان لە پێکهاتەی ئێسکی درێژدا ***هەڵەیە***؟
A- مۆخی زەردی ئێسکی تێدایە
B- لە پەرەکان پێکدێن
C- بەشێکە لە پێکهاتەی ئێسکی پتەو
D- لە ناوەڕاستی هەر لوولەیەکدا جۆگەیەکی هاڤەرس هەیە

4.هەموو ئەمانە راستن دەربارەی جومگەی تەوەرەیی جگە لەوەی کە:-
A- جۆرێکە لە جومگە بزێوەکان
B- رێگە بە چەماندنەوەو سوڕانەوەی لەش دەدات.
C-لە برِبڕەی پشتدا هەیە.
D- لە تەوەرەپەیکەردا هەیە

5.پەیکەرە ماسولکەکان:-
A- بە بەرگە ئێسکەوە نە بەستراون
B- بە بەرگە ئێسکەوە بەستراون بە شێوەیەکی راستەوخۆ
C- بە بەرگە ئێسکەوە بەستراون لە رێگەی ژێیەکانەوە
D- (B + C) هەردووکیان راستن

6.هەموو ئەمانە لە ئێسکەکانی پەلە پەیکەرن ***جگە لە*** ئێسکی:-
A- چەناگە B- کۆڵە C-تەلەزمە D- دفە



7.کام لەم لوولە خوێنانە خوێنی رەنگ سووری تیری تێدایە (دەگوازێتەوە):-
A- کلۆرە خوێنهێنەرەکان B- سیبیە خوێنهێنەرەکان C- سیبیەخوێنبەر D-(A و C) هەردووکیان راستن

8.کام لەمانە دەربارەی قۆناغی خاوبوونەوەی گوێچکەلەو سکۆڵە راستە ؟
A- ئاراستەی گواستنەوەی خوێن لە هەردوو گوێچکەلەوە بەرەو هەردوو سکۆڵەوە دەبێت
B- بە شە پۆلی P دەنوێنرێت لە هێلکاری دڵ
C- ئەوکاتەی دەیخایەنێت زیاترە لەو کاتەی قۆناغی گرژبوونی گوێچکەلەیی دەیخایەنێت
D- خوێن دەگەڕێتەوە تا هەردوو سکۆڵە پردەکاتەوە

9.هەموو ئەمانە شلەیەك دەردەدات بۆ کەمکردنەوەی لێکخشاندن جگە لە :-
A- پلورە B- ناوپەنچك C- ئەو شانەیەی رووی جومگەی ئەژنۆ دادە پۆشێت D- پەردەی دڵ

10.خرۆکە سپییەکانی خوێن لەبەرئەوەی...................... دەتوانن فرمانەکەیان ئەنجامبدەن.
A-تواناى دەردانی ئەنزیمەکانی خوێن مەیینیان هەیە
B- لە مۆخی سووری ئێسك دروست دەبن
C- دەتوانن لە رێگەی کونەکانی دیواری لوولەکانی خوێن بچن بۆ شلەی نێوان خانەکان
D- ناووك و ئەندامۆچکەکانیان وندەکەن

11. خشتەی بەرامبەر ئەنجامی تێکەڵکردنی چەند سامپڵێك خوێن پیشاندەدات، کام لەو ئەنجامانە ڕاستن:-


| | سامپلی 1 (بەخشەر) | سامپلی 2 (وەرگر) | ئەنجام (شێوەی سلاید) |
|---|---|---|---|
| A | $A^-$ | $A^+$ |  |
| B | $AB^-$ | $O^+$ |  |
| C | $O^-$ | $AB^+$ |  |
| D | $B^-$ | $AB^-$ |  |

12.کام لەم بەرگرییانە ئامانجەکەی جۆرێکی دیاریکراوە لە هۆکارەکانی نەخۆشی؟
A- لینجە پەردەکان B-وەڵامدانەوە هەوکردنەکان C-بەرگرییەتایبەتییەکان D- وەڵامدانەوەی گەرمی

13.کۆژەرە خانە سروشتییەکان جیاوازن لە خرۆکە سپییە هاوتاکان بەوەی کە کۆژەرە خانە سروشتییەکان:- A-خرۆکەی سپی خوێنن
B- لە بەرگری گشتی بەشداریدەکەن C- پەلاماری خانەی تووشبوو بە هۆکاری نەخۆشی دەدەن D- هۆکاری نەخۆشی قووت دەدەن

14.لە کام بنەما لە چوار بنەمای بەدەستهاتەکانی کوخ پێویستە هۆکاری نەخۆشی لە تاقیگە پەروەی پێبدرێت؟
A-1 و 3 B- 2 و 4 C- 1 و 2 D- 3 و 4

15.بە پشت بەستن بەو شێوەیە بەرامبەر، وەڵامی ڕاست لە خشتەکەی خوارەوەدا هەڵبژێرە:-




| | ئەو خوێنەی لەو لوولە خوێنیە کە بە ڕەنووسی 2 ئاماژەی پێکراوە:- | ئەو خوێنەی لەو لوولە خوێنیە کە بە ڕەنووسی 3 ئاماژەی پێکراوە:- | هەوای هەناسەدانەوە لەو پێکهاتەیەی کە بە ڕەنووسی 1 ئاماژەی پێکراوە بۆ:- |
|---|---|---|---|
| A | لە سکۆڵەی ڕاستەوە دێت | دەگەڕێتەوە بۆ گوێچکەڵەی چەپ | سیکلدانۆچکەکان دەگوازرێتەوە |
| B | دەگەڕێتەوە بۆ گوێچکەڵەی چەپ | لە سکۆڵەی ڕاستەوە دێت | لقە بۆری هەوا دەگوازرێتەوە |
| C | لە سکۆڵەی ڕاستەوە دێت | دەگەڕێتەوە بۆ گوێچکەڵەی چەپ | لقە بۆری هەوا دەگوازرێتەوە |
| D | دەگەڕێتەوە بۆ سکۆڵەی ڕاست | لە گوێچکەڵەی چەپەوە دێت | سیکلدانۆچکەکان دەگوازرێتەوە |

16.کام لەمانە دەربارەی وەڵامدانەوە بەرگرییەکانی دووەمی ڕاستە کاتێك کەسێك دووبارە تووشی هەمان هۆکاری نەخۆشی دەبێتەوە؟

A- کەسەکە دەپارێزێت لە تووشبوون بە هۆکاری نەخۆشی نوێ B- بیرخەرەوە خانەکان بۆ یەکەم جار بەرهەمدەهێنرێن

C- بیرخەرەوە خانەکان یەکسەر ئەم هۆکارە نەخۆشییە دەناسنەوەو دەست دەکەن بە خێرا دابەشبوون D- ( B و C ) هەردووکیان ڕاستن

17.دژەتەنەکان بە هۆکارەکانی نەخۆشییەوە دەبەسترێن بەمەش چالاکیان دەوەستێنن و تێکیاندەشکێنن لە ڕێگەی:-


A- نا ڕاستەوخۆ بە هۆی بەرگرییە تایبەتییەکان B- قەدەغەی چوونەژوورەیان بۆ ناوخانەو قەدەغەی زۆربوونیان دەکەن

C- کونکردنی پەردەی خانەی تووشبوو بە هۆکاری نەخۆشی و تەقینی خانەکە D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

18.کام لەمانە هەمیشە ( بەردەوام ) دژە پەیداکەری نوێ هەڵدەگرن؟

A-ڤایرۆسی هەڵامەت B-ڤایرۆسی ئەنفلونزا C-ڤایرۆسی HIV D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن

19.شێوەی بەرامبەر بەشێك لە تەوەرەی دەمارە خانەیەك پیشاندەدات، کام لەمانە وەڵامی ڕاستە دەربارەی جوڵەی ئایۆنەکان لە شوێنی دیاریکراویان بە تەوەرەی دەمارە خانە؟




| | جووڵەی ئایۆنەکان بە پەردەی تەوەرەی دەمارەخانەلە شوێنی دیاریکراویاندا |
|---|---|
| A | ئایۆنەکانی پۆتاسیۆم و سۆدیۆم دەچنە دەرەوەی دەمارە خانەکە |
| B | ئایۆنەکانی پۆتاسیۆم و سۆدیۆم دەچنە ناوەوەی دەمارە خانەکە |
| C | ئایۆنەکانی سۆدیۆم دەچنە دەرەوەی دەمارەخانەکەو ئایۆنەکانی پۆتاسیۆم دەچنە ناو دەمارەخانەکە |
| D | ئایۆنەکانی سۆدیۆم دەچنە ناو دەمارەخانەکەو ئایۆنەکانی پۆتاسیۆم دەچنە دەرەوەی دەمارەخانەکە |

20. چیکڵدانەکان بە پەردەی خانەی پێش گەیێنکەوە دەلکێن کاتێك:-

A–دەمارە گوێزەرەوەکان بە هۆی ئەنزیمەکانەوە هەڵدەوەشێن B- ئەرکی کار دەگاتە دەمارە کۆتاییەکانی خانەی پێش گەیێنکە

C- دەمارەگوێزەرەوەکان لە لایەن خانەی پاش گەیێنکە دووبارە دەمژرێنەوە D- پاڵنەری سۆدیۆم - پۆتاسیۆم چالاکدەبێت

21.جووڵەبەشی چیوە کۆئەندامی دەمار دەست بەسەر.....................دەگرێت. A- جووڵەی پەیکەرەماسولکەکان

B- کاری لووسەماسولکەکان C-دەردانی هەموو لەشە هۆرمۆنەکان بە ڕێگەی ڕاستەوخۆ D- ( A و B ) هەردووکیان ڕاستن

22.ئەو وەرگرانەی کاربۆناتی کالسیۆمیان لەسەرە لە جۆری:-

A– میکانیکە وەرگرەکانە B- ئازار وەرگرەکانە C- کیمیکە وەرگرەکانە : D- ڕۆشنە وەرگرەکانە

23.ئەو بەشەی دەماخ کامەیە کە تێیدا تێگەیشتنی بەرکەوتنە ڕاگەیاندنەکانی تێدایە؟

A- توێکڵی مێشك B- نێوانە دەماخ C- ناوەڕاستە دەماخ D- ئەو بەشەی مێشك کە دەکەوێتە ژێر توێکڵی مێشك

24.خانە چیلکەییەکان جیاوازن لە خانە قوچکەییەکان بەوەی کە خانە چیلکەییەکان:- A-وەڵامی ڕۆشنایی درەوشاوە دەدەنەوە

B- بۆیەی ڕۆدۆپسینیان تێدایە C-لە بەرهەمهێنانی وێنەی وردا هاوبەشی دەکەن D- وەڵامی ڕەنگە جیاوازەکان دەدەنەوە

25.لە کەسێکی ئالودەبوودا کاتێك کۆکایین لادەبرێت لە دەمارە گەیێنکەدا و دووبارە دەرپەڕاندنەوەی دۆپامینیش بۆ سروشتی خۆی دەگەڕێتەوە، دەمارە خانەی پاش گەیێنکە :- A- وریابوونەوەی زیاد دەبێت B- وریابوونەوەی کەمدەبێتەوە

C-ژمارەی وەرگرە پرۆتینەکان لە پەردەی پاش گەیێنکە کەمدەبنەوە D- ( B و C ) هەردووکیان ڕاستن

26.............................. ئەو گەردەیە کە دەبێتە هۆی دەستپێکی گۆڕانەکانی ناو خانە بۆ وەڵامدانەوەی ماددەیەکی دیاریکراو لە وەرگرێکی دیاریکراودا لە سەر ڕووی پەردەی خانەکە. A- نێردراوی یەکەمی B- وەرگری پرۆتینی C- نێردراوی دووەمی D- ئاوێتەی هۆرمۆن – وەرگر

27.لە کام لەم بارانە هۆرمۆنی ئەدرینالین دەردەدرێت؟ A- کەمی خەستی گلوکۆز لە خوێندا

B- کاتێك کەسێك دڵەڕاوکێی هەیە یان لە ژێر فشاردایە C- لاچوونی ماوەی هەرەشە لەسەر مرۆڤ D- ( A و B ) هەردووکیان ڕاستن

28.خانەکانی دەردان و خانەکانی ئاماجی کام لەم هۆرمۆنانە بەشێکن لە هەمان ئەندام؟

A- سیکریتین B- گاسترین C- پاراثایرۆید D- کالسیتۆنین


29.هەمووئەو کۆمەڵانەی دێن هۆرمۆنێکیان تێدایە کە شوێنی دەردانەکەی سەر بەکۆمەڵەکە ***نییە جگە لە*** :-
A-ئەنسۆلین ، پرۆستاگلاندین ، گلوکاگۆن B- ئۆکسیتۆسین ، ئیپینیفرین ، هۆرمۆنی دژەمیزتن
C- ئەلدۆستیرۆن ، کۆرتیزۆل ، گلوکاگۆن D- هاندەری ثایرۆیدە رژێن ، هاندەری تویکلی ئەدرینال ، هاندەری چیکلدانە

30.کام لەمانە دەربارەی لوولەی گویزەرەوە ڕاستە؟ A-بەدەوری میزەڕۆدا پێچ دەخوات B-لە هەر نێرەیەکی ئاساییدا ژمارەیان دوو دانەیە
C-تۆواو دەگوازێتەوە بۆ میزەڕۆ D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن

31.کام لەمانە هۆرمۆنی تێستێتیرۆن دەردەدات؟
A-گون B- تۆواوە چیکلدانە C- ڕژێنی پرۆستات D-هەموو وەڵامەکان هەڵەن

32.هەموو ئەمانە لە جۆگەی فالوبدا ڕوودەدەن ***جگە لە*** :- A- دروست بوونی مۆریۆلا B- دروست بوونی هێلکەی پیتراو
C- دابەشبوونی دووەمی کەمدابەشبوونی هێلکە. D- دروست بوونی جەمسەرە تەنی یەکەم

33.کام لەمانە ئیسترۆجین دەردەدات؟ A-هێلکەی پێگەیشتوو B- تەنی زەرد C-ناوکە پەتکی گەشەکردوو D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن




34.بە پشت بەستن بەو شێوەیەی بەرامبەر کە ناوپۆشی منداڵدان و کەرتی وێلاشی تایبەت بەدایک و کەرتی وێلاشی تایبەت بە کۆرپەلە ڕووندەکاتەوە، وەڵامی ڕاست لە خوارەوە هەڵبژێرە:-
A- ڕەنوسەکانی 1 و 2 ئاماژە بۆ دوو خوێنهێنەری دایك دەکەن
B- ڕەنوسەکانی 1 و 2 ئاماژە بۆ دوو خوێنبەری دایك دەکەن
C-ڕەنوسی 1 ئاماژە بۆ ناوکە خوێهێنەر دەکات و ڕەنوسی 2 ئاماژە بۆ خوێنهێنەری دایك دەکات
D- ڕەنوسی 1 ئاماژە بۆ خوێنهێنەری دایك دەکات و ڕەنوسی 2 ئاماژە بۆ ناوکە خوێنبەر دەکات


35.لە ماوەی سێیەکی یەکەمی سکپڕی:- A- چینەکانی خانە دروستکەرە یەکەمییەکان دروست نابن
B- چوارپەردەکانی کۆرپەلە دروست نابن C-دایك هەست بە جووڵەی کۆرپەلە ناکات D-دڵ دەست بە لێدان ناکات

36.لەکام لەم جووتبوونانەی خوارەوە ڕێژەی بۆماوە بابەتی یەکڕەگ بۆ دووڕەگ دەکاتە 1:1 :-
A-جووتبوونی تاکە دووڕەگبوون ( یەکڕەگ × دووڕەگ ) B- جووتبوونی تاکە دووڕەگبوون ( دووڕەگ × دووڕەگ )
C- زاڵبوونی ناتەواو ( دووڕەگ × دووڕەگ ) D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن


37.لە بۆماوەی مەندلیدا ، ئەلیلێك ( هۆکارێك ) بە زاڵ ناودەبرێت ئەگەر:-
A- تەنها لە باری یەکڕەگی توانای دەربڕینی هەیە B- تەنها لە باری دووڕەگی توانای دەربڕینی هەیە
C- لە باری دووڕەگیدا کاریگەری هۆکارێکی دیکە دابپۆشێت D- لە باری دووڕەگیدا تێکەڵبوون لە نێوان دوو ئەلیلەکە ڕوودەدات

38.بە پێی ئەو تاقیکردنەوانەی مەندل لەسەر ڕووەکی پۆلکە ئەنجامیدا،کام لەمانە دەربڕین لە تێکەڵە پەڕین دەکات؟
A- Tt × Tt B- tt × TT C- TT × TT D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن

39.کام لەمانە ڕیزبەندی نیوکلیۆتایدەکانە لەسەر زنجیرەی قالب لە گەردی DNA دا کە لەبەرگرتنەوەی بۆ دەکرێت بەلام پاشان وەرگێڕانی بۆ ناکرێت؟ A- TAC B- ACT C-ATC D-( B و C ) هەردووکیان ڕاستن




40. شێوەکانی ( 1 و 2 ) لە خوارەوە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی هێرشی و چەیس دەنوێنن،
لە کام تاقیکردنەوە $^{35}S$ یان بەکارهێنا و لە کام تاقیکردنەوەش $^{32}P$ یان بەکار هێنا؟
A-لە تاقیکردنەوەی یەکەم $^{35}S$ بەکارهێنا و لە تاقیکردنەوەی دووەم $^{32}P$ بەکارهێنا
B- لە تاقیکردنەوەی یەکەم $^{32}P$ بەکارهێنا و لە تاقیکردنەوەی دووەم $^{35}S$. بەکارهێنا
C- لە هەردوو تاقیکردنەوەکان $^{35}S$ بەکارهێنا
D- لە هەردوو تاقیکردنەوەکان $^{32}P$ بەکارهێنا




41.بە پشت بەستن بەو شێوەیەی بەرامبەر کە کرداری دووهێندبوونی DNA ڕووندەکاتەوە، ، دوای تەواوبوونی ئەم کردارەکام لەم هەڵبژاردانەی خشتەی خوارەوە دەربارەی ڕێژەی پریمیدینەکان و ڕێژەی پیورینەکان ڕاستە؟

| | ڕێژەی پریمیدینەکان لە ..... یەکسانە بە ڕێژەی پیورینەکان لە ..... | ڕێژەی پریمیدینەکان لە ..... ***یەکسان نییە*** بە ڕێژەی پیورینەکان لە ..... |
|---|---|---|
| A | زنجیرەی 2 ، زنجیرەی 4 | زنجیرەی 1 ، زنجیرەی 3 |
| B | زنجیرەی 1 ، زنجیرەی 4 | زنجیرەی 2 ، زنجیرەی 4 |
| C | زنجیرەی 2 ، زنجیرەی 3 | زنجیرەی 3 ، زنجیرەی 4 |
| D | زنجیرەی 1 ، زنجیرەی 3 | زنجیرەی 2 ، زنجیرەی 3 |

42.کام لەمانە دەربارەی کرداری دروستبوونی پرۆتین لە زیندەوەرە ناووك ڕاستەقینەکاندا ***هەڵەیە***؟
A- بە سود وەرگرتن لە خشتەی کۆدۆنەکان ،کۆدۆنی GCU ترشی ئەمینی ئەلانین لە بۆماوە پەڕلەدا دیاریدەکات.لە هەموو زیندەوەراندا
B- لە لەبەرگرتنەوەدا بەشێك لە زنجیرەیەکی DNA بەکاردەهێنرێت بۆ لەبەرگرتنەوەی tRNA.
C- وەرگێڕان دەست پێدەکات پێش ئەوەی لەبەرگرتنەوە تەواوبێت D- لەبەرگرتنەوە لە ناووکی خانە ڕوودەدات

43.لەکام هەنگاوی وەرگێڕاندا دواtRNA رایبۆسۆم بەجێدەهێڵێت؟

A-درێژبوونەوە　　B-دەستپێک　　C-کۆتاییهێنان　　D-جیابوونەوە

44.ئەگەر لە لێکدانێکی تاکە دوورەگبووندا نیوەی تاکە پەیدابووەکان روخساری زاڵ دەربخەن ئەوا بۆماوە بابەتی باوان :-

A-هەردووکیان دوورەگ دەبن　　B- یەکێکیان دوورەگ دەبێت و ئەویتریان یەکرەگ و زاڵ دەبێت

C- یەکێکیان دوورەگ دەبێت و ئەویتریان بەزیو دەبێت　　D- هەردووکیان یەکرەگ دەبن

45.لە لێکدانێکی جووتەدوورەگبوون لە نێوان دوو رووەکی پۆلکەدا یەکێکیان قەد کورت و گوڵ تەوەرەیی ئەویتریان نەزانراو بوو بۆ هەردوو روخسار ئەم رێژانەیان لێ پەیدا بوو ( 1 قەد کورت و گوڵ تەوەرەیی : 1 قەد کورت و گوڵ لوتکەیی ) ئەوا کام لەمانە روخسارە بابەتی رووەکە .نەزانراوەکە .نیشاندەدات؟

A-قەد کورت و گوڵ لوتکەیی　　B-قەد درێژ و گوڵ لوتکەیی　　C-قەد کورت و گوڵ تەوەرەیی　　D-قەد درێژ و گوڵ تەوەرەیی

46.کام لەمانەی خوارەوە دەربارەی پێکهاتنی گەردی DNA راستە؟

1-ژمارەی گەردەکانی شەکر یەکسانە بە ژمارەی گەردەکانی کۆمەڵەی فۆسفاتی

2-هەر نیوکلیۆتیدێك لەگەڵ نیوکلیۆتیدێکی دیکە لەوانەیە تەنها لە تفتی نایترۆجینییەکەیان جیاوازبێت

3-تفتی نایترۆجینی راستەوخۆ بە کۆمەڵەی فۆسفاتی دەبەسترێت بە بەندی هاوبەشەوە

A- 1 ، 2　　B- 1 ، 3　　C- 2 ، 3　　D- 1 ، 2 ، 3

47.شوێنی دەستپێك جیاوازە لە کۆدۆنی دەستپێك بەوەی کە شوێنی دەستپێك :-

A-ریزبەندی دیاریکراوی نیوکلیۆتایدەکانی DNA یە　　B-ئەنزیمی پەلمەرەی DNA پێوەبەنددەبێت

C-کرداری وەرگێرانی لێدەستپێدەکات　　D- ( B+A ) هەردووکیان راستن

48.بە پشت بەستن بە خشتەی کۆدۆنەکانی بەرامبەر ،ئەگەر ئەم زنجیرەیەی DNA ( CTCAAGTGCTTC) تەواوکەری ئەو زنجیرەیە بێت کە وەك قالب کاردەکات بۆ بەرهەمهێنانی mRNA ،کام لەم فرە پیتیدانەی خوارەوە بەرهەمدێت؟

کۆدۆنەکان لە mRNA دا

| تفتی یەکەم | تفتی دووەم U | تفتی دووەم C | تفتی دووەم A | تفتی دووەم G | تفتی سێیەم |
|---|---|---|---|---|---|
| U | فینیل ئەلانین | سیرین | تایرۆسین | سستین | U |
| | فینیل ئەلانین | سیرین | تایرۆسین | سستین | C |
| | لیوسین | سیرین | وەستان | وەستان | A |
| | لیوسین | سیرین | وەستان | تریپتۆفان | G |
| C | لیوسین | پرۆلین | هیستیدین | ئەرگنین | U |
| | لیوسین | پرۆلین | هیستیدین | ئەرگنین | C |
| | لیوسین | پرۆلین | گلوتامین | ئەرگنین | A |
| | لیوسین | پرۆلین | گلوتامین | ئەرگنین | G |
| A | ئایزۆلیسین | سریۆنین | ئەسپرجین | سیرین | U |
| | ئایزۆلیسین | سریۆنین | ئەسپرجین | سیرین | C |
| | ئایزۆلیسین | سریۆنین | لایسین | ئەرگنین | A |
| | مسیۆنین | سریۆنین | لایسین | ئەرگنین | G |
| G | ڤالین | ئەلانین | ترشی ئەسپارتیك | گلایسین | U |
| | ڤالین | ئەلانین | ترشی ئەسپارتیك | گلایسین | C |
| | ڤالین | ئەلانین | ترشی گلوتامیك | گلایسین | A |
| | ڤالین | ئەلانین | ترشی گلوتامیك | گلایسین | G |

A- لیوسین – تایرۆسین – ئەرگنین – فینیل ئەلانین

B- ڤالین – ترشی ئەسپارتیك – پرۆلین – هیستیدین

C- لیوسین – لایسین – سیستین – فینیل ئەلانین

D- پرۆلین – ترشی گلوتامیك – لیوسین – ڤالین

49.لێکدانی تاقیکاری بۆماوە بابەتی هەرتاکێك دیاریدەکات کەبە ............. جیادەکرێتەوە.

A-روخسارەبابەتی زاڵ　　B-روخسارە بابەتی بەزیو　　C-روخسارەبابەتی زاڵ و بەزیو　　D-روخساریکی مام ناوەند

50.لە ماوەی 28 رۆژ لە هەردوو سووڕی هێلکەدان و مانگانە، کام لەمانە بە ریزبەندی تەواو روودەدات؟

( 1- دەردانی هۆرمۆنی هاندەری چیکلدانە , 2- دروستبوونی تەنی زەرد , 3- گەشە و پەرەسەندنی چیکلدانە , 4- هێلکەدانان , 5- زۆر بەرزبوونەوەی خەستی هۆرمۆنی هاندەری تەنی زەرد )

A- 2 ← 1 ← 3 ← 5 ← 4　　B- 1 ← 3 ← 5 ← 4 ← 2

C- 3 ← 1 ← 2 ← 5 ← 4　　D- 1 ← 3 ← 2 ← 5 ← 4